کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-10-2007 0:04بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# ڕۆڵی بێ هیوایی سیاسی لە زاڵکردنی هزری شەڕخوازیدا ... هەڤاڵ سەید حەسەن

١٦ - ١٠ - ٢٠٠٧

لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە بیرمەندان و دڵسۆزانی کورد کاتێ ویستوویانە کۆتایی بە زوڵم و چەوساندنەووەی داگیرکەران بێنن. هەوڵی بلاوکردنەوەی خوێندەواری و وشیارییان داوە تاکو زەمینە سازو لەبارکەن بۆ سەرخستنی بیری سەربەخۆیی و بیری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. بە باوەڕێکی ڕوون و تۆکمەوە هەوڵی گەشەدان بە زمان و فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتییان داوەو بەشێوەییەکی دروست و دادوەرانە لە نێو خودی خانەوادەکانیانەوە تا دەگات بە کۆمەڵگە تەقەلای بڵاوکردنەوەیان داوە. لەماوەییەکی کورت دا ناوەندەکانی کلتوری و کۆمەڵەو گرووپە سیاسییەکان توانیویانە سرنجی تەواوی کۆمەڵگە بەلای خۆیانا ڕاکێشنوو بۆچونەکانییان بەخێرایی بڵاو ببێتەوەو کاریگەریان لەسەر هزروو دیدی جەماوەردا هەبێ، کۆششی ڕوناکبیران دژ بە نەریتە خراپەکان دوورخستنەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە مەیلی خوێنداری و تۆڵەو خۆپەرستی و دووبەرەکایەتی بێمانای خۆبەخۆ و لێکحاڵینەبوون و پەرتەوازەیی،

کاتێ دوژمنانی ئازادی و سەربەخۆیی زانیویانە، گەر باروو دۆخ بەم ڕەهەندە بگوزەرێ، بەشێنەیی هێزێکی گەورەی لەشکاننەهاتوو لە ناوچە ئاوەدانەکانی کوردستان درووست دەبێ و پەیتا پەیتا ئەم هێزە هەڵکشاوە لەناو خودی پایتەختەکانی خۆیاندا هەڕەشە لە دەسەڵاتییان دەکات، هەربۆییە زۆر ژیرانە پلانییان داڕێژاوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەرچی یەکییەتی و هاوپشتییەکی نەیار بەخۆییان هەبییە، تەقەلای هەڵتەکاندنوو دابڕانی ئەم ڕەوتانەیانداوە لە سەرچاوە ڕاستەقینەکانی هێز، تا بەمەرامی خۆی هەڵوەدای شوێنەکانی دوور لە ئاوەدانییان بکات و لە هەوکی کۆمەڵیان داماڵێ، بیان بات بۆ جیهانی پڕڕلە ئەفسانەی شاخی مل سورو تفەنگی دارشوشە پڕکردنەوەی یەک سەدە لەمێژووی گەلێک، بە بەسەرهاتی خوێناوی شەڕە نابەرابەرە یەکلا نەکەرەوەو دۆڕاوەکان. شارەزایی و ناسینی باری کەساییەتی کورد لەلایەن داگیرکەران، هەمیشە سودوو کەڵکی لێوەرگیراوەو بۆخۆشمان بێئاگا لە نقوستانییەکانی خۆمان، لامان لێکردۆتەوەو چاوەڕوانی قەدەرێک بووینە کە ئەوان وێنایان کردووە بۆمان، لەئاستی گشتیدا کەوتووینەتە ژێر کاریگەری ئەوانوو توانیویانە کاردانەوەی دڵخوازی خۆیان لە ئێمە بەدیبێنن و هەڵمانورووژێنن بە تەنگەتاوی، هۆشوو ژیریمان لێسەننەوەو بە مەرجو شەرتی خۆیان دەروازەی شەڕێکی ناوەختمان بۆ بەرهەڵداکەن. دەشێ وردتر بێژین، بابای کورد هەرلە دێرزەمانەوە زۆر ئازایانە هەڵچوون و رقی خۆی نیشانداوەو بەسوکی دەستی بۆ باڵچوغەی شمشێرو پەنجەی بۆ میلکێشانەوەی چەکە تازەکان بردووە، سەبری لەبەر بڕاوەو بواری هەڵبژاردنی شەڕوو ئاشتی بۆخۆی نەهێشتۆتەوە، لەنێو شارو دێیی ئاوەدان و پڕ خەڵکەوە سەنگی هەڵسوڕان و تێکۆشانی خۆی گواستۆتەوە ناوچە سەخت و عاسێ و شاخاوییەکان و لەوێ لەشوێنە دوورەکان لەنێو ئەشکەوت و نوالان، لەزورگو دۆڵی بزری دوور لە ئاوەدانی بارەگای خۆیان هەڵناوەو شۆڕشی چەکدارییان ڕاگەیاندووە. زاڵکردنی هەلومەرجی شۆڕشی چەکداری لە کات و شوێنیکی پێنەگەیشتوو نالەبار و فەرزکراو لەلاییەن داکیرکەریکی (کۆنەپەرست، شۆڤێنی، عەسکەرتار) بەواتای جێهێڵانی سەنگەری بەرەنگاربونەوەی ژیرانەدێتەوەو دەکەوێتە خانەی هەڵە مێژووییە خوێناوییەکان و شەڕو کێشەییەک یەخەگیری کۆمەڵانی خەڵک دەبێ کە نە خۆی بەباشی بۆ سازو ئامادە کردووە، نە هەلومەرجێکی وا هاتۆتە پێشێ کە هزرمەندان و سیاسەتمەدارانی کورد هومێدێکی تیادا بەدی بکەن و بەباشی بزانن گەل ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەو ڕاپەڕینێکی چەکداری بکەنەووە. لەکاتێکا نەیارانی ئاشتی و ئازادی چێژ لە شەڕوو ڕووبەڕووبونەوەی سەربازی دەبینن، بەهۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندی پێگەی دەسەلاتی خۆیان، کەوا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هێزەکانییان ڕێکخراوتروو پڕچەکتروو شارەزاترن لە هونەرە جەنگییەکان خاوەنی ئامرازی پێشکەوتووی جەنگی و کۆمەکی لەبڕاننەهاتون، بەکورتی هێزێک لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە باڵادەستی سەربازی هەبێ و خاوەن ڕەهەندێکی قوڵی ڕژێمیی بێ، هێزەکانییان پشت بدەنە کۆمەڵێک شاری پڕ لە ئاسایش و ئارام، دییارە پێشمەرگەی پارتیزان چەندەی بەدسپلێن و باوەڕبێ و لەڕووی جۆرییەوە باش ڕاهێندرابێ و خاوەن بەهرەی فیزیکی و دەروونی پێویست بێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی پارتیزانانە، لەمەودای شەڕی درێژوو نابەرابەردا لە باشترین باردا لە کۆڕی نەبەردا شەهیدبونێکی شەرافەت مەندانەی بەقەدەر بۆدەمێنێتەوە، زامێکی تازە و لەبەرڕۆیینی هێزێکی خورتو لاو تابلۆی تاقیکردنەوەییەکی فاشیلی پڕ لە هێمای دڵڕەقی، هەرەس و نشوستی و بێئاکامی و ڕەشبینی دەنەخشێنین. دیارە زۆربەمان ئەگەر بینەری نەبین بێگومان گوێبیستی داستانی گیان لەدەستدانی چەندین کەڵە مێردی شەڕوانی کورد بوینە، ئەوەی شەرمی کرد بچێتە ناو خەتە تەیارەو ڕۆکێتێ کوشتی و لەنێو دوکەڵدا تەرمی بزر بوو، ئەوەی چوو بۆ ناو سەنگەروو شەرمی بەخۆبوو بەردەمی زرێپۆش چۆڵکا، ڕوبەڕوو بۆوەو هەر لەوێ ناشترا، تاکو ئەمڕۆش گوێمان لەباسی سواوەی شکانی لەشکرە دەهەزارییەکەی زەینۆفون دەبێ لە شاخەکانی کوردستاندا، گومانی تێدانییە ئەوانیش ئازا بوون لەنزیکەوە پەلاماری دوژمنییان دەدا، بەکورتی بەرگری لەخۆکردن بە هەر ئامرازێکی بەردەست، مافێکی ڕەوای هەر مرۆڤێکە، بەڵام ئەوەی لەم سەردەمەدا سەختە تێی بگەیت و خوێندنەوەییەکی دروستی بۆ بکرێ ئەوەییە: بۆچی هێزێکی سییاسی دەتوانێ هەزاران کادیری بوێر پەروەردە بکات بەگوێرەی نەریتەکانی پارتیزانی خۆماڵی و جیهانی، کە دەست لە دوژمن نەپارێزن و تا دوافیشەگ تەقە لەدوژمن بکەن و سەنگەر چۆڵ نەکەن تا دوا تین و هەناسە شەڕ درێژە پێبدەن؟ بەڵام لەنێو کوانوی هێزی خۆیدا، لە جەرگەی شارە ئاوەدانەکاندا، بەئەندازەی پێویست هەست بە بونی سییاسی ئەم ڕەوتە نەکرێ بەو گەرمیی و تینوو تاوەی نێو چەپەری بەرەنگار بوونەوەی شاخ. جێگەی سەرسوڕمانە هەڵوێست و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ئەم ڕابەرانەی کە گەرەکییانە ژمارەی قوربانی زیاتر بێ و درێژە بە هێز لەبەر چوون بدەن و بۆخۆیان بچنە ژێرباری داگیرکەروو قبوڵکەن چارەی کێشەکان لەژێر ڕەحمەتی لولەی تفەنگابێ، کاتی خۆی ئیسرائیل بەڕاشکاوانە بە عەرەبەکانی ڕاگەییاند، کە یەک دانە جو بە چەکێکی ئۆتۆمات، دەرەقەتی 20 عەرەبی سەعیدی دێ کە بە حەیزەران و خوترمە شەڕدەکەن، ژیری هەندێک لە سەرکردەکانی عەرەب لەوەدابوو کە بە هێوری کار لە سەر خودی خۆیان و ئیسرائیلبکەن و هاوپەیمانییەتی و هاوکاری بۆ چاکسازی لەگەڵ بەشە دیموکرات و مرۆڤ دۆست و دادوەرانەکەی بکەن بەو ئەندازەییەی کە شەقامی تورە و توندو بەزەبری عەرەبەکان بواری بۆهێشتبۆوە، ئەم بارەش پەیوەستە سروشتی زبری عەرەبەکان و باری تێگەیشتن و تەفسیریان بۆ ئاین و نەتەوە گەشەی کۆمەڵ.... دیارە ئەنگیزەی نادییاری هەر گوتارێکی سییاسی یا پەیڕەوکردنی سییاسەتێکی توندڕەوانەی بانتر لە تواناکانی کۆمەڵ (بەگوێرەی باری ئەمڕۆ) بەدەر لە ئاوەدانی، بەگژاچونەوە لە چێوەی گۆشەییەکی تەریک و نامۆ هەڵی سەرکەوتنی تیادا زۆر ئەستەمە، وەک ئەوەییە بڵێی ئاسمانی تاریکی کوردستان بە پڕی ئەستێرە گەشەکان ڕۆناک دەکەینەوە، بەڵام مەخابن هیچ لۆگیکێک لەوەدانییەو تاکو ڕۆژی ئەمڕۆ، زەی هەربە خۆر ڕۆشن دەبێتەووە، لەوانەییە گوتاری وامان بەرگوێ کەوێ و بڵێن، جەزائیرییەکان، لەپێناوی سەربەخۆیی ملیۆنێ شەهیدییان دا، هێزە کوردییەکان هێشتا چارەگی ئەوان قوربانی نەداوە. هەڵەیی گەورە لە خوێندنەوەو شیکردنەوەی مێژوودا ئەووەییە، گەر بەشێوەیی ئەندازە گیری لە ڕواڵەتا ڕەچاویی درێژی و پانی و بەرزی ڕوداوێکی مێژوویی بکرێ و هەڵی بڕین بەسەر خۆماناو بڵێین نمونەییەکی زیندووەو دەکرێ کەڵکی لێوەربگیردرێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و بۆ ئەمڕۆش دەستدەدات، بەڵام تاكو ئێستا لە تاقیگەی (موختەبەر، لاب) مێژووی سیاسیدا كەسێ زاتی ئەوەناكات شتێكی لەم بابەتە بێژێ. هەڵەییەكی بەرچاوی تر ئەوەییە كە تاكو ئەمڕۆ بە دەمارگرژییەوە كێشەكانمان چارەسەردەكەین، گەر پێكهەڵپێكی كردن كارێكی ناڕەوابێ لەبواری زانستی مێژوویدا، لەبەر ئەوەیی هەر گۆڕانێ زادەی هەلومەرجی تایبەت بەخۆییەتی و ئەوەی لە 2003 لە ئێراق ڕوویدا مەحاڵە بەهەمان شێواز و وردەكارییەوە لە شوێنێكی تر ڕووبداتەوە، بەڵام دەكری پەندێ لە مێژووی هەرەسی دەسەڵاتی بەعسییەكان وەرگرین، كە گومانی تێادانییە ڕووداوەكانی دوای 2003 بەهرەییەكی زۆری بۆ مێژووی ئایندەی حیسابات و هاوسەنگی سیاسیی جیهانی و ناوچەیی هەیە، دەشێ ئەمە ببێتە فاكتەرێكی گرنگ بۆ ئەوەی چارەنوسی ڕووداوەكان لەئایندەدا بە ئاقارێكی تردا بڕوێنێت، گەر ببێتە جێگەی سرنجی خەباتكارانی ڕێگەی ئاشتی و ئازادی و سەربەخۆیی وڵات، لە بەرچاوترین نمونەدا، گەر تێبینی هەلومەرجی پاش ڕووخانی دەسەڵاتی بەعسییە عەرەبە نەژادپەرستەكان بكەین لە ڕووی مافەوە، دەزاندرێ كە هەلو دەرفەت هاتە پێشێ و بارپێگەییشتوو سەردەمی خۆی هات، هەمو شتێ قابیل بە گەشەو بەگۆڕان دەبێ، ئەوە نییە توركمان و كلدانی و ئاشوری و ئەرمەن و چەندین توێژوو پێكهاتە كەمینە نەژادی و مەزهەبییەكانی عیراق، بەبێ ئەوەی پێشینەییەكیی ئەوتۆییان لە خەباتی سیاسی و چەكدارییدا هەبێ دژ بە ڕژێمی فاشی، ئەمڕۆ وەك لایەنی كوردی داوای مافە سیاسی و كۆمەلاییەتی و كلتورییەكانی خۆییان دەكەن. دیارە شۆڕش بۆ بەكوشتدانی خەڵكوو بەسزا گەییاندنی كەساییەتیی لاوازی جاش و خائین و ناپاكەكان نییە، بەڵكو بۆ پاراستنی گیانی و ماڵی كۆمەڵانی خەڵكوو بۆ بەهێزكردنی كەساییەتی تاكی كوردە بەهۆی زاڵكردنی كلتورێكی پڕ لە شەهامەت و دلێریی و دادوەرانەیی دژ بە توندوو تیژی و چەوساندنەوی نەژادیی و فەرهەنگی و كۆمەڵایەتییە... هتد. سەرەڕای پیرۆزی و بەهای ئەخلاقی هەر بۆچونێكی مرۆڤ دۆستانە دیسان بە قالب وەرگرتنی هەر بۆچون و باوەڕێكیش دورمان دەخاتەوە لە سرووشتی سركوو زندووی سەوزی ژیان. بۆ نمونە مهاتما گاندی ڕابەری بزوتنەوەی ناتوندوو تیژی، لە پێناو ڕزگاری هیندستان، لە بزاڤی بەردوامدا بوو دژ بە دەستەڵاتی داگیركەری ئینگلیز، كەچی دژ بە خەڵكی خۆی مانی لە خواردن دەگرت كاتێ زانی سەرپێچییان لە باوەڕەكانی ناتوندووتیژی كردووەو زەبروزەنگییان بەكارهێناوە دژ بە داگیركەرە ئینگلیزەكان، ئەمە یەكێكە لە و نمونانەی كە دەربڕە لە سەربەخۆیی بڕیاروو بەواتای سەرخستنی ویستێكی ڕاستگۆیانەییە كە دوورە لە كاردانەوەی هارو هاج و گیانی تۆڵەسەندنەوە. هەر مهاتماگاندیش لەسەر ویستی خۆی، خۆبەخشی كردووەو چۆتە نێو ڕیزی سوپای بەڕیتانی وەك برین پێچێك لە جەنگی جیهانی دووەمدا بەشدار بووە و هانی هیندۆسەكانی داوە بۆ خۆبەخشی و هاریكاری سوپای ئینگلیز لە جەنگدا، دژ بە ولاتانی میحوەر، لەوانەییە بەلای هەندێكەوە سەیربێ كە گاندی سرودی شاهانەی بەڕێتانی فێری منداڵەكانی خۆی كردووەو پێی لەبەر كردوون و زۆر ڕاستگۆیانە و لەدڵەوە (سەمیمانە) لەگەڵ خەڵكە هەژار و نەخوێندەوار و ناساخلەمەكەی خۆی و داگیركەرانی ئینگلیز ڕەفتاری كردووە، كێشەكانی بە شەخسی وەرنەگرتووەو كاتێ سپی پێستەكان زەبروزەنگییان دژی باكار هێناوە لێیانداوەو سوكایەتییان پێكردووە، ئامادەنەبووە سكاڵا لەسەر كەسێك تۆماركات و دڵتەنگی خۆی دەربڕیوە بۆ ڕووداوەكەو بۆ هۆكاری كەمزانیو ناتێگەیشتنی گێڕاوەتەوە. لە كوردستانیشدا، كاتێ ئینگلیزەكان ڕووبەڕوو دەبنەوە لە گەل لەشكری شێخ مەحمود، شێخی مەزن بە بریندارى، داوای یارمەتی لە مشیراغا دەكات كە چاودێری بكات نەوەك یەكێ لە سەربازە هیندۆسەكانی نێو سوپای ئینگلیز، بە حەربەییەك زگی هەڵدڕێ (گومانی تیادانییە كە ئەم سەربازە هیندۆسانەی نێو ڕیزی سوپای بەڕیتانی لەژێر زەرفییەتی داگیركاریدا هتوون بۆ شەڕی كوردوو

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەردەمیان لەگەڵ خۆبەخشییەکەی گاندی جییاوازە) . لێرەدا مەبەست لە هێنانەوەی ئەم نمونانە هەڵوێست و ئاکاروو باوەڕەکانی مرۆڤە کە چۆن بە دڵسۆزی و بەڕوونی و بەویستوو سوڕبوونێکی تەواوەوە، هەولْدەدات بۆ چارەسەرکردنی، کێشە گەورەو چارەنوسسازەکان. هونەری کار لێرەداییە کە هێزوو وەزە نەک هەر لە گەلی ژێردەستەی خۆت وەرگری، بەڵکو هێزوو کۆمەک لە خودی داگیرکەری وڵاتەکەت وەرگری، بۆ سڕینەوەی ماکی ئەو تاوانانەی دەکرێ، لەژێر ناوی نەژادپەرستی و دەستەڵات خوازی و تاڵانی داهات.. هتد، بەکورتی، تا لەژیاندابین هیچ کاتێ درەنگ نییە بۆ چاکسازی و خۆ نوێکردنەوەو گۆڕان، مەرج نییە هاوپەیمانییەتی (کورد و زلهێزەکانی دونیا و ڕەوتە پێشکەوتووخوازەکانی دەردۆر) کە لەبەرژەوەندی ئێمەداییە و بەچاوی ئەرێیی لێی دەڕوانیین، هەمان بەهاو نرخاندنی بۆ بکرێ لەلاییەن خەڵکانی تر، بەڵکو زۆربەی جار دەبێتە مایەی نیگەرانیی بۆ ئەوانەی دژ بە گۆرانن شەرمەزاری و هەڵەی مەزن لە بەردەوامبووندایە لەسەر بۆچون و کاری چەوت و سەقەت و هەمیشە باجی بڕیاری نابەجێ و ناوەخت قورس کەوتۆتەوە لەسەر گەلانی ژێردەستە، ئەوانەی ڕۆژگاروو ڕووداوەکانی بە گرێدراویی یا بەقەدەرێکی نەگۆڕ دەبیننەوە و بەزمانی زبرو گورگانە و بە زیندان و ئەشکەنجەو پەنجە شەقاندنەوەو تۆڵەو گەفی خۆبەخۆی بێویژدانانە کۆمەڵگە ڕێنوێنی دەکەن، بێ ئەوەی کات بدەن بەخۆیان و بە بەرامبەرەکانییان، بە بڕیارێکی ماشێنی و لە قالبدراوی هزری خۆیان، دوور لە ڕاستییەکان، چارەسەری شۆڕشگێڕانەیان لەپاکەت دەرخستووە وەک دەرمانی سحری بەکاری دەبەن بۆ هەموو کات و شوێن و بارێ، وەک بڵێی هەموو دەردێ هەر بە پەنسلین عیلاج بکرێ، ئەوانە زیانێکی زۆر بە خۆیان و کۆمەڵگە کەیان دەگەیێنن، زۆرجار وادێتەبەرچاو ئەگەر مەهاتما گاندی کوردباییە لەوانەییە هەر ڕۆژە فایلەکییان بۆ بخستایەتە سەر ڕووی ڕۆژنامەو ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان، هەر ڕەوتوو هێزێک گەر بەهایەک بۆ مانەوەی ئینسانی خۆی دانەنێ حیساب بۆ کۆمەڵگە نەکات و مل بەشەڕێکی داسەپاودابدات، دیارە هەڵەییەکی گەورە دەکات دەرهەق بەخۆیان و زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکو ئۆباڵێکی گەورەی مێژووییان دەکەوێتە ئەستۆ. ئەوڕۆ لە هەموو کاتێ زیاتر ئاشتی و تەبایی لەکوردستاندا گرنگی خۆی هەییە، وەک سەرەتاییەک، گەر دەستمان ڕانەگەییشت بە بەرامبەرەکانمان، با لەخۆمانەوە دەستپێبکەین و توندوو تیژی حەرامکەین دژ بەیەکتر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.